# دایكمو منو تفەنگ

## ئیدریس عەلی

کەمندالّ بووم خالّمو هاورِێ پێشمەرگەکانی بەنهێنی دەهاتنە مالّمان دنیایەك چێژم بەخرمەی مەخزەنو حەفتاو پێنجی تفەنگەکانیان وەردەگرت، هەمیشە تفەنگەکانیانم دەکردە باوەشو بەدەم دەستکاری کردنەوە خەیالّم دەڕۆشت بۆ گەورەییو لەدلّی خۆمدا دەمگوت: خودایە کەنگێ منیش گەورەبمو تفەنگ لەشان بکەم. . هەمیشە خەونم دەدیت پیاوێکی ئازاو قارەمانمو خەلّکی بەپێشمەرگە ئازاکە باسم دەکەن.

ئیدی دایکم کەبەو شێوەیە دەیبینیم لەنێو خەیالاّتدا ون بووم عەشقم بۆ تفەنگ هەیە، پێی دەگوتم: ڕۆلّە خەمت نەبێ تۆشو منالّەکانی تۆش فریای ئەو تفەنگە نەعلەتیە دەکەون لەشانی بکەن، من ئەوێ کات لەمەغزاو ڕەهەندە نهێنییەکانی پشتی ئەو قسەی دایکم نەدەگەیشتم نەمدەزانی بۆچی منو منالّەکانی من دەبێت فریای تفەنگ لەشان کردن بکەوین؟ ئێستا تێدەگەم مەبەستی دایکم چی بووە، دلّنیام لەهەر ولاّتێك تفەنگ هەبێ، مانای ئەوەیە ئەو ولاّتە ئارامیو هێمنی بەخۆوە نابینێ، تێگەیشتم تفەنگ هەندێ جار بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو سەربەستی کۆمەلّگەیەك بەکار دێو هەندێجار بۆ سەرکوتو قەتلّوعام، سەردەمانێك ڕژێم لەڕێگەی هێزو تفەنگەکانیەوە هەرچی کارەساتی ئینسانی بوو بەسەر کۆمەلّگەی ئێمەی داهێنا، کەچی هەر تفەنگ بوو ئەو ڕژێمەی ڕووخاندو خۆری ئازادی لەئاسمانە دوورەکانەوە هێنایە پشت پەنجەرەکان.

بەلاّم هێشتا پرسیار گەلێکی زۆر لەسەر تفەنگو بوونی ئەو هۆیە هەیە، هێشتا مەغزاو ڕەهەندەکانی ماندووی تفەنگە لەناو ولاّتی ئێمەدا مانای سەیر سەیرو جۆراوجۆری هەیە.

ئایا ئێمە بەڕاستی ئازادبووین ئیدی پێویستمان بەتفەنگ نییە بەرەنگاری زولّمو چەوساندنەوە بینیەوە؟ ئایا ئەو تفەنگانەی هێشتا لەنێو بارەگای حزبەکانو سەربازگەکانو نێو سەنگەرەکانو پەنجەی پەلەپیتکەیان لەسەرە بۆ سەرکوت کردنێکی دیکەی ئێمەیە؟ چونکە من دلّنیام لەقسەکەی دایکم هەتا زولّم هەبێ تفەنگیش نەوە دوای نەوە. . سالّ لەدوای سالّ. . سەدە دوای سەدە، ئەم دەستو ئەو دەستی پێدەکرێت.